## بۆ/ سەرجەم لایەنی پەیوەندیدار
## جەماوەری کوردستان

بابەت / ئاگادارکردنەوە و زانیاری پێویست

دوای سڵاو و ڕێز

بەروار: 2007/11/7

هاوڕێیانی هێژا

وەک ئاگادارن ناوەندی چاک بۆ ماوەی پتر لە ساڵێکە دوچاری قەیرانیکی ناهەموار بوو بوو، بڕی زۆری ئەو قەیرانەش بەهۆی کاری نارێکخراوەیی و بریاری تاکڕەوی و بازدان بەسەر کۆمیتە و دەستە جیاجیاکانی ناوەند و لە سەروی هەمویانەوە دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ¾-6-2006 بوو لەلایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە لادان و پابەند نەبوون بە پەیڕەو و پڕۆگرامی پەسەندکراوی هەمان کۆنگرە و دەستێوەردانی کۆمەڵێک بابەتی دور لە ئامانج و بنەما سەرەکیەکانی ناوەندی چاک و پێوەرەکانی کارکردن بوون. کە وای لێهاتبوو ناوەندی چاک لە رێکخراوێکی جەماوەری دژ بە جینۆساید بوو بوو بە ئاژانسێکی ڕاگەیاندن و ڕەنگدانەوەی ڕا و بۆچونی چەند کەسێک کە لەسەر هەموو بابەتێک بەیانێکی دەردەکرد تەنانەت لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش.

لێردەا ئێمە ناڕۆینە سەر وردەکارییەکانی ئەو کێشانە کە ڕێژەیەکی زۆر لە هاوولاتیانی کوردستان و دۆست و خەمخۆرانی دۆزی گینۆسایدی گەلەکەمان ئاگاداری بەشێکی زۆری ئەو کێشانە بوون، ئەوەی پێویستە بیڵێین کە بۆ ماوەی پتر لە ساڵێکە هەوڵی هەمەلایەنەمان دا بۆ جارەسەرکردنی بوین بەڵام بەداخەوە دەرکەوت کە چەند هاوڕێیەک هەر لە مێژەوە بڕیاری خۆیان دابوو بۆ جیابونەوە ، دواخستنی جیابونەوەکەش تەنها بەمەبەستی ڕاکێشانی رێژەیەکی زۆر لە ئەندامانی ناوەندی چاک بوو بۆ لای خۆیان وەک هەوڵێک بۆ بەدەستهینانی زۆرینەیەک لە دەستەی بەڕێوەبەر و دەستبەسەرداگرتنی ناوەند، خۆسبەختانە ئەو پیلانەیان بۆ سەرنەکەوت و هەوڵەکانیان گەیشتە بنبەست و ئێستا ئەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین کە ئەو موهاتەرات و نەخشانە کۆتایی پێهات و یەکلابوەوە و کەمینەیەکی دەستەی بەڕێوەبەر (4 ئەندام لە کۆی 13 ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چاک) لەگەڵ کەمینەیەک لە ئەندامانی دیکە بڕیاریان دا کە ڕێگایەکی دیکە بگرنە بەر بۆ درێژەدان بە کاری خۆیان.

لە دوا گفتوگۆ و سیمیناریێکی ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەو برادەرانە لە شەوی هەینی ڕێکەوتی 2007/11/2 لەسەر تۆری پالتالک لە ژوری (کوردستان یونایتد) کە لەلایەن بەڕێز بەرپرسی ژورەکە ئامادەکرابوو بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و مافداری ناو و شەخسیەتی چاک و بە ئامادەبوونی پتر لە 250 کەس لە ئەندامان و کوردستانیانی دیکە قسە و باسی تێر و تەسەل کرا ( بۆ ماوەی 7 کاتژمێر و نیو ) لەسەر سەرجەم لایەنەکان و لە قسەکانیش دەرکەوت کە ئەو بەڕێزانەی لە ناوەندی چاک جیابونەتەوە بریتین لە تەنها 4 ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر ( عەلی محمود ، قادر نادر ، ڕوناک ئەحمەد ، ڕوناک شوانی) و کۆمەڵێک ئەندامی تری کە ڕێژەیان کەمینەیەکی بەرچاوە لە چەند کۆمیتەی وولاتێک کە زۆربەیان لە ماوەیەکی کورتدا هاتونەتە ناو ناوەندی چاک بە مەبەستی جیاواز و دور لە ئامانجەکانی ناوەندی چاک، هەروەها ئەو بەڕێزانە هەرچەند هەوڵیان دا چەواشەکاری بکەن لە ڕاستیەکان و هەوڵی ناشیرینکردنی ئەندامانیان دا لەڕێی هێرشی نابەجێی شەخسیەوە، بەڵام ڕاستیەکان دەرکەوتن کە چۆن بە پاڵپشتی چەند حیزبێکی دیاریکراو ( لە ڕێی چەند ئەندامێک و پەیوەندی ترەوە) ئەو بەڕێزانە دەیانویست دەست بەسەر ناوەندا بگرن.

ئەوەی کە ئێستا بانگەوازی بۆ دەکرێ کە ئەو برادەرانە خەریکی بەستنی کۆنگرەی خۆیانن ، ئیمە وەک دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی چاک ، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین لەهەمان کاتدا هیوادارین ئەو بەڕێزانە ڕێز لە پێوەری ڕێکخراوەیی بگرن و چیتر ناوی ناوەندی چاک بەکارنەهێنن لە کار و جالاکیەکانیان ، هەروەها جوان نیە کە بەناوی

کۆنگرەی چاک بانگەواز دەکەن بۆ ئەو کۆنگرەیە، لەبەر ئەوەی کۆنگرەی ناوەندی چاک لە کاتی ئاسایی خۆیدا دەبەسرێت و لەکاتی خۆیدا ئاگاداری سەرجەم ئەندام و دۆستانی ناوەند دەکەینەوە.

هەروەها داوا لە سەرجەم رێکخراوە سیاسی و جەماوەری و میدیا کوردستانیەکان دەکەینەوە ئاگاداری ئەم بابەتە بن و هیچ کەسێک لەو بەرێزانەی ئامازەیان پێدراوە مافی نوێنەرایەتی ناوەندیان نیە لە هیچ بوار و شوێنێکدا، هەروەها ئەو هەواڵ و بانگەواز و بەیانانەی لەم ئیمایلەوە ( chak.org@gmail.com ) نەیەت و لە ماڵپەڕی سەرەکی ناوندی چاکەوە ( www.chak.info ) بڵاونەکرێتەوە ، ناوەندی چاک لێی بەرپرس نیە .

لە کۆتاییدا داوا لەو بەڕێزانەی کە جیابونەتەوە دەکەین ، وەک ئێمە ڕێز لە خواستیان دەگرین و ڕێز لە مێژووی کاری هاوبەشمان دەگرین ئەگەر کورتیش بێت بۆ هەندێ لەو هاوڕێیانە، ئەوانیش ڕێز لە پێوەری دانوستان بکەن و واز لە کۆمەڵێک نوسینی ناشیاو بە ناوی خوازراو و هەوڵی ناشیرینکردنی ئەندامان بە شێوازی ناشیاو بێنن.

دوبارە ڕێزمان بۆ ئەو هاوڕێیانە دوپات دەکەینەوە و هیوای کۆنگرەیەکی سەرکەوتوویان بۆ دەخوازین، بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی دەستەخوشکی ناوەندی چاک .

لێرەوەا تکا لە سەرجەم دۆستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکەنەوە کە پەیوەندیکردن بە ناوەندی چاکەوە تەنها لە ڕێی ئەم ئیمایلەوە دەکرێت ( chak.org@gmail.com ) کە هەمان ئیمایلی پێشوی ناوەندی چاکە ، بۆ ئەوەی بە هەڵە نەروات بۆ لایەکی تر و بە هەڵە سودی لێوەربگیرێت.
ماڵپەری سەرەکی ناوەندیش هەر هەمان ماڵپەڕێ پێشوی چاکە ( www.chak.info ) کە بە 5 زمانی سەرەکی کار دەکات و لەم ماوەشدا بەزمانی تریش بابەت و لێکۆڵینەوە و هەواڵی تێدا بڵاودەکرێتەوە.

دوبارە سڵاو و ڕێزی بێ پایانمان.

دەستەی بەڕێوەبەر
ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد – چاک-

www.chak.info , www.nawandihalabja.com
chak.org@gmail.com